## برای هێژا و هونەرمەندی خۆشەویست کاک ناسر رەزازی!

لە گەڵ سڵاوێکی برایانە! بە بۆنەی کۆچی ناوەختی ژنە هونەرمەندی کورد و هاوسەری بەوەفای بەڕێزتان/ مەرزیە خانم/ ئەویەڕی خەم و پەژارەی خۆم و بنەماڵەکەمتان پێشکەش دەکەم.
برای بەڕێز: بەو مەرگە کوت و پڕە چاوەڕوان نەکراوەی مەرزیە خانم، نەتەوەی کورد هونەرمەندێکی بەرزی لە کیس چوو و تۆش هاوسەرێکی بە وەفات لە دەست دا. بۆیە دەکرێ بێژم: بۆ ئەو کۆستە ناوادەیە، تەنیا تۆ داخدار نەبوویت بەڵکوو نەتەوەی کورد بە گشتی خەمی بە سەردا باری. بەڵگەی سەلماندنی ئەم راستیەش ئەوەیە کە لە دوێنێوە سەرنج دەدەمە هەر راگەیاندنێکی کوردی لە تەلەفزیۆنەوە بگرە تا دەگاتە رادیۆ و بەلاڤۆکی ئینترنێتی، باس باسی کۆچی ناوەختی ئەو هونەرمەندە گەل ویستە لە دلا شیرینەیە.
ئەو گەرچی بە تەمەن کەم ژیا بەڵام لەو ماوە کەمەی ژیانی دا بە هەڵوێستی شۆڕشگێڕانە و بە چەکی هونەرەکەی پانتاییەکی بەرچاوی لە گۆڕەپانی هونەری کوردی و کوردایەتیدا بۆ خۆی تاپۆ کرد، بە جۆرێک هەموو بنەماڵە کوردێک بە لە دەست دانی ئەو ئازیزە هەست بەوە دەکا کەسێکی نزیکی لە دەست داوە. بەو کۆستە منیش، (هاوڕێ) یەکی خۆشەویست و ئەندامێکی بنەماڵەی هەنەری کوردی و خوشکێکی رووسوور و "هەڤاڵ"ێکی پێشمەرگەم لە دەست دا. "دڵنیا"م، کرماشان و هەولێر و قامیشلۆ و "ماردین"، وەک چۆن قەدەمخێر و حەپسەخان و مەریەمخان لە بیر ناکەن، ئاواش کورد و "کاردۆ" و مەرزیە و هونەرە بەرزەکەی بەرز رادەگرن و بۆ هەتاهەتایە دەیکەن بە گوارەی سووری گوێچکەی مێژوو و لە گوێ یاندا هەر دەیلەرێتەوە. لە کۆتایی دا، جارێکی تر وێڕای سەرەخۆشی لە تۆی بەڕێز و هەر سێ جگەرگۆشەکەی تۆ و مەرزیەی هەرگیز نەمر و بنەماڵەی گەورەی رەزازی و فەریقی، پرسە و سەرەخۆشی لە سەرجەم نەتەوەی کورد و بنەماڵەی هونەری کوردی دەکەم.

هاوبەشی خەمتان
قادر ئەلیاسی، 2005/9/19